## یاسای سزادانی عیراقی هیچ مادەیەکی یاسایی نیە بۆ ئەوانەی دینی خۆیان دەگۆڕن

**چیا یاسین**

سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا لە کوردستان:" هەرکەسێک دینەکەی بگۆڕێت، سزای کوشتنە

مەلا ئەیوب : ئاساییە وەک ئەوە وایە لە حیزبێکەوە بچیتە حیزبێکی تر

بەپێی بەندی (18) لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ هەموو کەسێک ئازادە لە هەڵبژاردنی هەر ئاینێک، بەڵام عیراق تەحەفوزی لەسەر ئەو مادەیە کردووە لەو ڕێکەوتننامەیە، چونکە باس لە ئازادی ئایین ئەکات.کاتێک چوومە کڵێسای مەسیحی کوردزمان لە سلێمانی، کۆمەڵێک گەنج کە تەمەنیان لە 12 ساڵ هەتا 30 ساڵ و هەردوو ڕەگەزیان تیابوو، سرودە ئایینیەکانیان ئەوت قەشەش وتاری بۆ دەخوێندنەوە وتاری ئەو ڕۆژە لەسەر (ژیانی هاوبەش) بوو.



مێژووی باوەڕهێنانی کورد بە ئایینی مەسیح لە دوای ڕاپەڕینەوە بووە کاتێک ڕێکخراوە مزگێنی بەخشەکان هاتوونەتە کوردستان و بزووتنەوەی تەبشیریان دەستپێکردووە، کۆمەڵێک گەنج ئایینی خۆیان گۆڕیوە و باوەڕیان بە ئایینی مەسیح هێناوە، حەکیم یەکەم گەنج بوو کە باوەڕی بە مەسیح هێنا، کاکەیی بوو، لە هەولێر خاوەنی کتێبخانەیەک بوو، حەکیم ئێستا لە باشووری ئەفریقا لە کەنیسەیەک قەشەیە و ژنیهێناوە و لەوێ نیشتەجێیە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو قەشە و باوەڕدارانە بە ئاینی مەسیح ئاماریان لە بەردەستدا نەبوو بۆ ژمارەی ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە. مەنسور لە 1996/6/21 کوژرا، لەدوای کوشتنی تا ساڵێک لە هەولێر و سلێمانی باوەڕدارە تازەکان نەیان ئەتوانی کۆبوونەوە بکەن، کەنیسەکانی دهۆک ئاکتیف بوون هەتا ئەو کاتەی کە باوەڕدار بە مەسیح زیوەر کوژرا لەناو بازاڕی زاخۆ کاتێک چەکدارێک ڕێگەی لێگرتبوو داوای لێکردبوو کەشایەتمان بهێنێ ئەویش نەیهێنا بوو، چەکدارەکە 30 فیشەکی پێوەنابوو، لەسلێمانیش دوو باوەڕدار بەمەسیح لەبەکرەجۆ درابوونە بەرچەقۆ.

ئارام قەشەی کڵێسای ئینجیلی ئازادە تەمەنی 34 ساڵە و کاکەیی بووە و خەڵکی شاری خانەقینە 18 ساڵە باوەڕی بەئاییني مەسیحی هێناوە، خێزانی پێکەوە ناوە و ژنەکەی شیعەیە، لە 2004 بووە

بەقەشە بەرەسمی یەکەم کوردبووە بووە بەقەشە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو عیراق و جیهان، ئارام دەڵێت: "ئەو کاتە هەستم بە جیاوازی خۆمکرد لەگەڵ ئیسلام کە من کاکەیی بووم لە دەرسی ئاییندا مامۆستا ئەیوت تۆ بچۆ دەرەوە، لە پێناسەکەم نووسراوە موسلیم، باوەڕهێنانی کورد بە مەسیح زۆر کۆنە من کتێبێکم لەسەر (مێژووی کڵێسای کوردی لەسەردەمی ساسانیەکاندا) نووسیوە"، لەساڵی 1992 لە ماڵان کۆ دەبووینەوە نامیلکە و ڕۆژمێرمان بڵاو دەکردەوە، ئەو کڵێسا کورد زمانیانەی ئێستا لە شارەکانی وەک سلێمانی و هەولێر و دهۆک هەن پاشماوەی ئەو کۆبوونەوە بچوکانەی ئێمە بوون کە لە ماڵان دەکران، ئێستا گەورەبوون.

لەساڵی 1999 – 2000، کەنیسەی ئنجیلی پیرۆز لە سلێمانی دامەزرا زەویەکیان وەرگرت و هاوکاری مادیان لە دەرەوە بۆ ئەهات تابینایەکی گەورەیان کرد، لە ساڵی 2006 بەئامادەبوونی وەزارەتی ئەوقاف کڵێساکە کرایەوە.

ئارام سەبارەت بەخوێندنە دینیەکانی دەڵێت: "لەساڵی 1997 کۆرسی بوون بەقەشەم خوێند لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، لە 2000 بووم بەپیری کڵێسا لە باشووری ئەفریقا کۆرسم خوێندووە، بەشداری کۆنفرانسم کردووە لە دورگەی ماڵتا و میسر و عەمان، فێردەکراین چۆن ئازاری خەڵک نەدەین و زۆر لەکەس نەکەین بۆ بوون بە مەسیحی".

زاگرۆز قەشەی کڵێسای مەسیحی کوردزمان لە سلێمانی تەمەنی 38 ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و هاوسەرەکەشی باوەڕدارە بەمەسیح، وتی:" کەسێک بووم زۆر پابەندبووم بەئاینی ئیسلامەوە نوێژ و ڕۆژووم دەکرد هەموو ڕەمەزانێک خەتمی قورئانم دەکرد، زیاتر لە 11 جار خەتمی قورئانم کردووە، زیاتر لە 30 تەلەبەم پێگەیاندووە کە قورئان بەبێ هەڵە بخوێننەوە، وابزانم یەکەمین کتێبی زانستی تەجوید هاتە کوردستان شتێکی سانا بوو لە دوای ڕاپەڕین وەرمگێڕایە سەر کوردی، لە 18 ساڵیدا لەخەوما مەسیح وەک پاشایەک یەکپارچە ڕووناکی بوو سپی ئەدرەوشایەوە لەبەر ڕووناکییەکەی نەمتوانی چاو بکەمەوە بانگی کردم، من ترسام و سێجار بانگیکردم، دەستی خستە سەرشانم وتی: "مەترسە کوڕم تۆ ڕزگارت بوو"، من لەمانای ئەم شتانە تێنەدەگەیشتم هەر ئەمەش وایلێکردم زیاتر ڕۆبچمە ناو ئیسلامەوە، ئەویش بە تەفسیری ئەو کەسانەی کە خەوەکەیان تەفسیر کردم، سەرەتا چەند کەسێکم ناسی لە ڕێگەی ڕادیۆی دەنگی مزگێنی لە دەرەوە کە سندوقی پۆستی هەبوو لەو ڕێگەیەوە پەیوەندیم پێوەکردن لە کۆتایی ساڵی 1999 باوەڕم هێنا، هەلێکم بۆ ڕەخسا خوێندنی لاهوتی بخوێنم لە دورگەی ماڵتا بۆ ماوەی شەش مانگ، دوای تەواوکردنی بوم بەقەشە".

زاگرۆس هێمای بەوەدا بەهۆی باوەڕهێنانمەوە تووشی کێشە بووە لەگەڵ باوک و برا و خێزانەی، وتی:" دەیانویست ژنەکەم پێ تەڵاقبدەن، جارێک تەقەملێکرا، جارێکیش ڕومانەیان خستە ماڵمانەوە، بۆ ماوەی شەش مانگ ژنەکەمیان دوورخستەوە، بەڵام ئەو بەهەموو شێوەیەک منی قبوڵ بوو، منیش شکاتم لێکردن دوانیان لێگیرا".

چیمەن تەمەنی 33 ساڵە ژنی ماڵەوەیە و تا شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، ئەندامی ئەنجومەنی کڵێسای کوردزمانە، ئەو دەڵێت: "لە ساڵی 2001 ەوە باوەڕم هێناوە، پێشتر پەیڕەوی دینی ئیسلامم دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی کەسوکارم زانیان باوەڕم بەمەسیح هێناوە حاشایان لێکردووم، بۆیە هەتا مردنیش نیەتی دڵم ئەوەیە خۆم بۆ خزمەتی خوداوەند تەرخان بکەم، قەشە زاگرۆز هاوسەرمە، بەڵام هیچ زۆرێکی لێنەکردووم بۆ بوون بەمەسیحی، بەڵام کاریگەریی هەبووە لەسەرم".

عەلی تەمەنی 31 ساڵە و لە 7/1/ 2005 باوەڕی بەمەسیح هێناوە ووتی:" خزمەتکاری مەسیحم لە خورماڵ، ئەندامی ئەنجومەنی کڵێسای مەسیحی کوردزمانم، ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوەبوو کە کڵێسەیەک هەبێت بەزمانی کوردی لەگەڵ برادەرێکم پێکەوە باوەڕمان هێنا، بەڵام ئەو نۆ مانگ بەردەوامبوو دوایی وازیهێنا"ئەو باسی لەوەکرد کە ڕۆژێک سێ مەلا چوونەتە لای کە باوکی ناردونی، بۆیە عەلی وتی:" کەوتینە مناقشە هیچیان پێ نەبوو، بۆیە بێئەنجام ڕۆیشتن".

ئەو دەڵێت:"لە 1989 تا 1995 زۆر باوەڕداربووم، فەقێ بووم، چومە ئێران بۆلای جەماعەتی مەکتەب قورئان لای ئەحمەدی مفتیزادە دوایی ئەوانیش گواستمەوە لای ئیخوانەکان لە مەریوان، لای ئەوانیشەوە بۆ هەڵەبجە و لەلای مەلا ئەحمەدی شافعی لە مزگەوتی گەیلانی لە هەڵەبجەی شەهید درێژەمدا بەخوێندنی فەقێیەتی، بەڵام حەزم بۆ ئازادی لە ڕەفتار و قسەکردندا وایلێکردم کە دینەکەم بگۆڕم مەدرسەی علومی شەرعی لە کۆمەڵگەی عەنەب ئەمخوێند لای مامۆستا سەید نەجمەدین تەها، دواتریش لە ساڵی 2001 ەوە تا ساڵی 2005، کەسێکی بێدین بووم، من کەسێکی ونبوو، بێهیوا بووم لەژیان بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە هەمیشە خەمێکم هەبوو چۆن منداڵەکانم تێر بکەم، وامئەزانی کە برسی بووم ئەبێ هەرخۆم خۆم تێر بکەم، نەمئەزانی خوایەک منی برسی کردووە و هەرئەویش تێرم ئەکات"هەروەک ئەو دەڵێ:"بەهۆی باوەڕهێنانم بەمەسیح، لەلای باوکم و کەسوکارم حاشاملێکرا و لێیاندام، کاغەزی هەڕەشەم بۆ هات گوللەیەکی تیابوو ".

شیرین 29 ساڵ خەڵکی شارۆچکەی خۆرماڵە،3 ساڵە باوەڕی هێناوەو قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە و دایکی 3 منداڵە ، وەک خۆی هێمای پێدا لەگەڵ هاوسەرەکەی پێکەوە لە هەولێر باوەڕیان هێناوە، و دەڵێت: "ڕاست و دروستی عیسای مەسیح وایلێکردم باوەڕ بهێنم ڕەنگە پێشتر کەسێکی گوناهبار بووبم، هاوسەرەکەم نامیلکە و کتێبی ئینجیلی ئەخوێندەوە منیش دوای ئەو ئەمخوێندەوە، کێشە و ڕێگریم بۆ دروستبوو، چونکە بەلای خەڵکی ئەو ناوچەیە ژنێک ئایینی بگۆڕێت شتێکی قورسە، ماڵی باوکم نەیاندەزانی بەڵام کەزانیان، زۆرخراپ بوون، بەڵام ئێستا دایکم باشە، برایەکم ئەو هێشتا هەر دژایەتیم ئەکات و تانەم لێدەدات".

هاوڕێ تەمەنی 17 ساڵ، خوێندکاری پۆلی دووەمی ناوەندییە، ئەو وتی :"فەقێ بووم، ساڵێک و چوار مانگە باوەڕم هێناوە، دوای باوەڕیش ئەشکەنجەی زۆردراوم لەماڵەوە، بەڵام ئێستا براکەم دەڵێت تۆ ئازادیت، بەڵام باوکم نا، خۆشەویستیم هەیە بۆی، براکەم مزگێنی پێدام وتی: "چی بەکەڵکی مرۆڤدێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێ".

دڵە تەمەن31 ساڵ، فەرمانبەرە دەرچووی سەرەتاییە، ماوەی 8 مانگە باوەڕی بە مەسیح هێناوە و شویکردووە و خاوەنی منداڵێکە مێردەکەی هاوکاریی دەکات بۆیە وتی:"ڕۆژێک هاوسەرەکەم هاتەوە کۆمەڵێک نامیلکە و کتێبی بۆ هێنامەوە، ژمارەی تەلەفونی لەسەربوو، پەیوەندیم پێوەکردن، هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە باوەڕم هێنا"، دڵە دەڵێت:" لەخێزانێکی ئێجگار ئیسلامی توندڕەو بووم، مەسیح خۆشەویستی و لێبوردەیی و ئازادی فێرکردووم، باوەڕناکەم ئەوەی کوڕەکەشم بکوژێ تۆڵەی لێبکەمەوە، ئێستا کەسوکاری خۆم و مێردەکەم ئەزانن کە من باوەڕم هێناوە، هاتوچۆی کەسوکارم ناکەم ماڵی خەزوریشم نەیانداوە لەڕووم بۆ دینی خۆم گۆڕیوە، لە فەرمانگە زۆر ئیهانەم دەکەن، ئەوان حەساسێتێکیان هەیە بەرامبەر ئەو خاچە کە لەملمدایە، زۆرجار پێموتراوە، وازبێنە لەو بیروباوەڕە بەس مزگێنیبدە نەوەک ئیسلامییەک لەناوخۆماندا بتکوژێ".

کۆمار ئەندامی ئەنجومەنی کڵێسای کوردزمانە لە سلێمانی و تەمەنی21 ساڵە خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدە دەرچووی ناوەندییەو ئەو هێمای بەوەدا کە لە 2005/10/18ەوە باوەڕی بەمەسیح هێناوە، کۆمار دەڵێت:" من فەقێ بووم دوو ساڵ فەقێیەتیم خوێندووە و دوایی وازم هێنا، بەهۆی کچێکەوە کە ناوی (ماریا) بوو لەباخی گشتی ناسیم، مزگێنی پێدام ئێستا لە ئوستورالیایە، داوای ئنجیلم لێکرد و پەیامی ڕاستی و خۆشەویستیم تێدا بینی".

هیوا تەمەنی 24 ساڵە و دەرچووی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانە ، لە 2004 باوەڕی مەسیح هێناوە، ئەو وتی:"کێشەم بۆ دروستبووە بەهۆی باوەڕهێنانم، هاوڕێکانم پێیان دەوتم تۆ کافریت، لەناو خێزانەکەشم عەزێتدراوم بەتایبەتی باوکم، چونکە مەلا و خەڵک قسەی بۆ دەکەن، قەشە زاگرۆز مزگێنی دامێ". ئاریا تەمەنی 13 ساڵە خوێندکاری دووەمی ناوەندییەو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و ماوەی 5 ساڵە لە سلێمانی ئەژی،وتی:" ئەمرۆ باوەڕم بەمەسیح هێنا، زۆرهەست بەخۆشی دەکەم هەست ئەکەم و بەهۆی برادەرانەوە باوەڕم هێنا، خێزانەکەم دەزانن کەباوەڕم هێناوە ئاسییە بەلایانەوە".
سەبارەت بەو کەسانەی باوەڕیان بەمەسیح هێناوە، مامۆستا مەلا حەمید سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان دەڵێت:"ئێمە پێشەوامان هەیە، حەزرەتی ڕەسولوڵڵا پێشەوامانە هەرچی لەبارەی ژیانمان ڕودەدات و ڕووبدات فەرمایشتێکی جوانی هەیە، ئەگەر هەرکەسێک گەنج بێت یان پیر کە دینەکەیان گۆڕیوە ئیسلام جەزا و سزایەکی زۆرسەختی بۆ داناوە، ئەوەیە کە بکوژرێ، چونکە ئەفەرموێ (فمن بدل دینە فأقتلوە)، ئەوەی دینەکەی خۆی گۆڕی بیکوژن، جەزای ئەوانە لەئیسلامدا ئەوەیە داوای تۆبەی لێبکرێت لەلایەن حاکمی شەرعەوە، ئەگەر گەڕایەوە و تۆبەی کرد باشە ئەگینا جەزای کوشتنە". ئەو وتی:" دینی مەسیح، وەختی خۆی دینی خوایی بووە، ئێمە ئیمانمان بەهەموو پێغەمبەرەکان هەیە، سەدوبیست و چوار هەزار پێغەمبەر هاتوون سێ سەد و سیانزەیان مورسەل بوون، واتە پەیامیان هەبووە بەوەحی هاتوون بۆلای میللەت ئەمانە هەموویان ڕاست بوون لە ئادەمەوە تا دەگاتە پێغەمبەری ئیسلام، خودا دەفەرموێ "ئێمە باوەڕمان بەخواو بەهەموو پێغەمبەرەکان هەیە کە حەقن، بەڵام هەریەکەیان لەوەختی خۆیدا پەیامی خۆی جێبەجێکردووە کە دوایەمینیان پێغەمبەری ئیسلامە، ئەم پێغەمبەرانە هەرچییەکیان هاتوون دینی ئەوەکەی پێشخۆی کاری پێنەکراوە، پێش پێغەمبەری ئیسلام سێ کتێبی ئاسمانی هاتووە کە ئەوانیش (تەورات، ئنجیل، زەبور)، دوای ئەوانیش قورئان هات، ئەم چوارە هەرچواریان کیتابی خوایین، تەنانەت تەورات کتێبێکی زۆر گەورەیە کەهی حەزرەتی موسا بووە، ئنجیل هی حەزرەتی عیسا بووە، ئنجیل ئەوەندە کیتابێکی گەورە نەبووە هەر ڕێنمایی و ئامۆژگاری تیابووە، ئەحکامی تیانەبووە، خوا دەفەرموێ (فیها حکم الله)، لە سورەتی (ئەعراف)دا دەفەرموێ (ئێمە پەیمانمانکردووە لەگەڵ هەموو پێغەمبەرەکان، ئەگەر ئەو پێغەمبەرە ڕاستەی کەوا دینی ئیسلام دێنێ کە هات دەبێت هەموویان تەبلیغی ئومەتەکانیان بکەن کە ئیمان بەو پێغەمبەرە بێنن)، ئینجا بەپێی ئەم ئایەتە دینی ئەمان هەمووی نەسخ بۆتەوە، دینی مەسیحیش دینێکی خوایی بووە، بەڵام نەسخبۆتەوە، غەیری دینی ئیسلام هەموو دینەکانی تر بەتاڵە".

مامۆستا ئەیوب پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی شێخ عەزیزی بۆسکانی لە کارێزە وشک، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە زانستە ئیسلامییەکاندا، ئەندامی سکرتارییەتی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامە لە کوردستان تەمەنی 39 ساڵە هەر سەبارەت بەو مەسەلەیە دەڵێ:" خودای پەروەردگار مرۆڤی ئازاد دروستکردووە وە سەرپشکی کردووە لەوەی هەر بەرنامەیەک کە وەریدەگرێت بەدەقی فەرمودەی قورئان

(فمن شاو فاليۆمن ومن شاو فاليكفر)، بۆ ئەم ژیانە مرۆڤەکان ئازادن هەر شتێک قبوڵ دەکەن، ئەم مرۆڤانە کە ئەم بەرنامەیە قبوڵ دەکەن دەبێتە قەناعەتی ناخی ئەوان و لەسەر ئەوە دەڕۆن لەژیاندا، ئیسلامی پیرۆز بەرنامەیەکی خوایە هیچ زۆرێک لە ئیسلامدا نیە، دەقی فەرمودەی قورئانە (لا اكراه فى الدين)، واتە هیچ زۆرکردنێک نەبووە، ئەگەر کەسێک ئیسلامی قبوڵ کردبێت، ناتوانێت لێی پەشیمان بێتەوە، مێژووی ئیسلام لە سوڵحی حودەیبیە لە یەکێک لە بەندەکاندا پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێ هەر کەسێک لە موسڵمانان پاشگەزبۆوە بۆمانی مەگێڕنەوە، بەڵام هەرکەسێک لەکافرەکان بوون بە موسڵمان ئێمە بۆتان دەگێڕینەوە، چونکە پێغەمبەر سورە لەسەر ئەوەی کە ئەم بەرنامەیەی قبوڵکرد پاشگەزبوونەوەی نیە، بەڵام کاتێک خەڵکێک واز لە ئاینەکەی دەهێنێت، دووجۆر وەرگرتنی ئایین هەیە یەکێکیان ئەوە تەقلید و چاولێکەرییە، کەسوکار و باوباپیرم موسوڵمان بوون ئەویش دەبێتە موسڵمان لەسەر پێناسی باری شارستانی نووسراوە موسوڵمان، بەڵام هیچ لەئاینی ئیسلام و مەغزای ئاینی ئیسلام تێنەگەیشتووە موسوڵمان بێت یان ناموسوڵمان، ئێستاش ئەم ئایینە دەگوێزێتەوە و دەیکات بە ئاینێکی تری ئاسمانی هەر ئاوا سەیری دەکات، چونکە نە ئەمی بە ئاین زانیوە و نە ئەویتریش، ئەگەر ئێستا عیسای کوڕی مەریەم بنێرێتەوە ئەوا دەبێتە یەکێک لە شوێنکەوتووانی پێغەمبەری ئیسلام، پێغەمبەران هەموویان برای، واتە هەموویان سەرچاوەیەکیان هەیە و خودای پەروەردگارە، کە ئیسلام هات هەموو ئاینەکانی پێش خۆی نەسخ دەکاتەوە بەدەقی قورئان (ومن يبقى لغير الاسلام ديننا فلن يقبل منه وهو فى الاخره من خاسرين)، هەموو پێغەمبەرەکان مژدەیان دەدا کە پێغەمبەرێکی تر یەت ناوی أحمده (و مبشرا برسول يأتى من بعد اسمه احمد) تەنانەت عیسی لە ئاخر زەمانا دەبێتە یەکێک لەئۆمەتی محەمەد". وتیشی:" لەمیللەتێکی ئاوا سەرگەردان کە هەموو ئەو دەرگایانە کراوەتەوە خەڵکێکی بێ ئیش، گەنجێکی بێ موستەقبەل هەمووی ئەگەڕێ بۆ نەفەسێک لەبەر ئەوە ئاساییە بەلایەوە چۆن لە حزبێکەوە دەچێت بۆ حزبێکی تر ئاوا دینەکەشی بگۆڕێت". هەروەک وتی:"

کاتێک هەواڵمان بۆ هات کە ڕێکخراوێکی ئەمریکی بە هاوکاری سەنتەری ڕایەڵە لە گەڕەکە هەژارنشینەکان کۆمەڵێک دیاری پێشکەش بە منداڵان کردبوو جێگەی دەشتخۆشی و هاوکاری بوو، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی بوو بۆ ئێمە ئەوە بوو کە تیایاندا بینیمان زنجیرێک خاچێکی پێوەبوو لەگەڵ دوو سیدی کە ژیانی حەزرەتی عیسای بە شێوێنراوی نیشاندرابوو، کە دەیانەوێت بەچکەی موسڵمان واچەواشە بکەن کە عیسا کوڕی خوایە و لەتێگەیشتنی قورئان دوریبخەنەوە، وەفدێکمان لە ئەندامانی سکرتارییەت چوونە لای بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بەڕێوەبەری پەروەردە نیگەران بوو هەربۆیە بڕیاردرا هەموو شتەکان کۆ بکرێتەوە و ناڕەزایی خۆی دەربڕی وتی: "شتەکان پیشانی ئێمە دراوە ئەوەی تێدا نەبووە، بەڵام دیارە ئێمە چەواشە کراوین بەدزی ئێمەوە تێیانکردووە".

قەشە ئارام لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕوونکردنەوەیەکیدا کە"ڕێکخراوێکی ئەمریکی دیاری ئامادە دەکات بۆ منداڵان پێمان باشبوو ئەم دیاریانە لەڕێگەی پەروەردەی سلێمانیەوە دابەشبکەین، پێشمان وتن ئەم سیدیەش هەیە سەیری بکەن، ئەوەبوو ڕەزامەندبوون و ئۆتۆمبێلیان دابینکرد بۆ گواستنەوەی دیارییەکان، ئارام پێیوایە "ڕەنگە خاچێکی تیا بێت، چونکە ئەم دیاریانە لە کۆمەڵگەیەکی مەسیحییەوە هاتووە، ئەم دیاریانە لەسەد یان دووسەد دیاری ئینجا خاچێکی تیایە یان دەفتەرێکی بچوک لەشێوەی خاچدایە، بەڵام ئێمە ئامانجمان ئەوەبوو خەندە بخەینە سەر لێوی منداڵان، ئامانجمان تەبشیر نەبوو، نامانەوێت کێشە بۆ کۆمەڵگە و حکومەت دروست بکەین نامانەوێ مەلاکان لەخۆمان عاجز بکەین، سیدیەکانیش دابەش ناکەین تا کێشەی کۆمەڵایەتی دروست نەبێت".

سەبارەت بەلایەنی یاسایی بەختیار پارێزەر لە دادگای سلێمانی دەڵێت:" بەپێی یاسای سزادانی عیراقی هیچ مادەیەکی یاسایی نیە کە سزای ئەو کەسە بدات کە لە ئیسلامەوە بووبێت بە مەسیحی، کەواتە ئەمە بە تاوان دانانرێت، بەڵام بەپێی یاسای باری کەسێتی نابێت هیچ موسڵمانێکی ژن شوو بکات بە کەسێکی ئەهلی کیتاب، واتە غەیری موسڵمان، ئەمە بەپێی مادەی (17) لە یاسای باری کەسێتی، بەڵام ئەگەر کەسێک مێردەکەی موسڵمان بێت دینی خۆی بگۆڕێ، ئەوا ژنەکە بەپێی مادەی (17) لە یاسای باری کەسی بۆی هەیە داوای جیابوونەوەی بکات، بەڵام پیاوێکی موسڵمان بۆی هەیە ژنێکی غەیری موسڵمان بهێنێ، هەروەها لەیاسای سزادانی عیراقیدا مادە (372) دەڵێت هەموو کەسێک ئازادە لە ممارسەکردنی شعائری دینی، هیچ کەسێک بۆی نیە هەستی دینی تایەفەیەک یان گروپێکی تر بریندار بکات". هەروەها خاتوو شەوبۆ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ ڕایوایە من گۆڕینی دین شتێکی ڕاست نییە، بەڵام ئەو گەنجانە سەربەستن، بۆیە وتی:" بەپێی بەندەکانی مافی مرۆڤ هەموو مرۆڤێک سەربەستە لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایەی دەیەوێت، بەڕای من حەقی کوشتنیان نیە، ئەو کردەوانەی لەپاڵ ئیسلامدا دەکرێ وای لە گەنج کردووە دینی بگۆڕێت، چونکە لە پاڵ ئیسلامدا شتی ناڕەوا دەکرێت".

تێبینی : لەرۆژنامەی ئاسۆدا بلاوکراوەتەوە.